وردبوونەوە و تێڕامانی سەر

لە وەڵام دانەوەی حازمی کوڕی عومەر

الجاهل

المجاهد

نووسەر الشيخ المجاهد: ابو عبدالرحمن عبيدة الأثبجي

سەرچاوەی بەرهەم: ارشيف الجامع للدولة الإسلامية

وەرگێڕانی بەرهەم: ڕاگەیاندنی صراط





1435هـ | 2014 م



وردبوونەوە و تێڕامانی سەر
لە وەڵام دانەوەی حازمی کوڕی عومەر

نووسەر الشيخ المجاهد:
ابو عبدالرحمن عبيدة الأثبجي

تقبله الله تعالى

چەند هەڵوەستەیەک لەگەڵ حازمی و شوێنکەوتووانی، سەبارەت بە پرسی تەکفیرکردنی ئەوانەی عوزر بۆ موشریکین دەهێننەوە (العاذر) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەرکەسێک تەوەقوف بکات (بوەستێت) و موشریک تەکفیر نەکات، ئەوا ئەویش موشریکە وەک ئەو، بەم شێوەیە حوکم دەدەن! وە ئەو کەسەی بەهانە دەهێنێتەوە (عازر) بە دیاریکراوی و بە ڕەهایی تەکفیری دەکەن، و هیچ جیاوازییەک ناکەن لەنێوان ئەوەی دەقەکە ڕەت دەکاتەوە، و ئەوەی دەقەکەی لێ تێکچووە (التباس) و تەئویلێکی وای کردووە کە لەڕووی شەرعەوە جێگای دەبێتەوە و بەڵگەی هەیە، بەڵام لە تەئویلەکەدا هەڵەی کردووە.
پێیان دەڵێین: بۆمانی یەکلایی بکەنەوە؛ ئایا تەکفیرکردنی موشریک بەشێکە لە ئەسڵی دین (أصل الدين)، یان لە مەسەلە ئاشکراکانە، یان لە مەسەلە شاراوەکانە؟

یەکەم: ئەگەر وتیان: تەکفیرکردنی موشریک لە ئەسڵی دینە.

دەی بەڵگە لە قورئان و سوننەت کوا؟ چونکە ئەسڵی دین خوای گەورە بە ڕوونی و بەشێوەیەکی کافی و شافی بەیانی کردووە کە بریتییە لە: (پەرستنی خوای گەورە بە تەنها و بێ هاوبەش، و بەریبوون لە هەر پەرستراوێک جگە لەو). ئەمەش بریتییە لە مانای (لا إله إلا الله). کەواتە تەکفیرکردنی «عازر» (ئەو کەسەی بەهانە بۆ موشریک دەهێنێتەوە) لەکوێی تەفسیر و مانای کەلیمەی تەوحیددایە؟!! نە دەقێکتان دۆزیوەتەوە و هەرگیزیش نادۆزنەوە لە قورئان و سوننەت لەسەر تەکفیرکردنی «عازر»

ئایا خوای گەورە کەمتەرخەمی کردووە -پەنا بە الله تعالی- لە ڕوونکردنەوەی ئەسڵی دین تاوەکو دەقێکی مەحکەم نەبێت بۆ بەیانکردنی؟! پاشان تەکفیرکردنی موشریکین دەچێتە نێو تەفسیری
«لا إله إلا اللّٰه» بە بەڵگەی ئیلزامی (دلالة اللزوم)، واتە بەریبوون لە پەرستراوەکان پێویستی بە تەکفیرکردنی پەرستنکارانیەتی، جا ڕەنگە کەسێک شوبهەی بۆ درووست بێت و وای لێ بکات کە لە پەرستنکاران بەری بێت، بەڵام تەکفیریان نەکات، بۆیە ناکرێت پێی بگوترێت: ئەم کەسە مانای «لا إله إلا اللّٰه»ی نەهێناوەتە جێ!

هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە وشەی تەوحید (خۆی لە خۆیدا) واتای تەکفیرکردنی موشریکەکان لەخۆدەگرێت؛ ئەوا دەبێت بەڵگە بهێنێتەوە، چونکە هەم زمان و هەم شەریعەت ڕێگرن لەم (لێکدانەوەیە).

جێگای سەرسوڕمانە کە (حازمی) -خوای گەورە هیدایەتی بدات- تەکفیرکردنی عازر (ئەو کەسەی بەهانوو بۆ بێباوەڕان دەهێنێتەوە) دەکاتە بەشێک لە ئەسڵی دین، کەچی لە دانیشتنە تایبەتەکانیدا بە شانازییەوە دەڵێت ئەم مەسەلەیە "حازمییە" (واتە تایبەتە بە خۆی)!

ئایا ئەسڵی دین قۆرخکراوە تەنها بۆ حازمی و جگە لەو کەسی تر نایزانێت؟

خۆ ئەگەر بڵێت: جگە لە منیش خەڵکی تر زانیوویانە؛ ئەوا ئەو ئیدیعایەی کە دەڵێت "حازمییە": تەنها هەڵبەستن (ئیفتیرا) و خۆهەڵکێشانە بە شتێکەوە کە پێی نەدراوە! من باوەڕم وایە کە بەڕاستی ئەوە "حازمییە" و دەدرێتە پاڵ ئەوەی دایهێناوە، و ئەوەش بەشێک نییە لە ئەسڵی دین.

جیاوازیکردن لە نێوان هاوشێوەکان.

یەکێک لە نیشانەکانی بیدعە "جیاوازیکردنە لە نێوان هاوشێوەکان"، حازمیش لە چەند ڕوویەکەوە تووشی ئەمە بووە:

ڕووی یەکەم: حازمی "عازر"ـی گۆڕپەرست تەکفیر دەکات، بەڵام "عازر"ـی یاساپەرست تەکفیر ناکات!!! ئەگەر ئەسڵی دین نە جەهل و نە تەئویل قبووڵ ناکات، ئەی چۆن تەئویل قبووڵ دەکرێت سەبارەت بە عازری تاغووتەکانی حوکم و ئەوانەی بۆ حوکم دەچنە لایان؟!

شێخ ئەمینی شەنقیطی دەفەرموویت: (هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا لە حوکمەکەیدا، لەگەڵ هاوبەش بڕیاردان لە پەرستنەکەیدا هەمووی یەک مانای هەیە، و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە؛ چونکە ئەوەی شوێنی نیظامێک دەکەوێت کە هی خوا نییە، وە تەشریعێک (یاسایەک) کە هی خوا نییە، وەک ئەو کەسە وایە کە بت و صەنەم دەپەرستێت و سوجدە بۆ بت دەبات، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە بە هیچ شێوەیەک، هەردووکیان یەکن و هەردووکیشیان موشریکن و هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە).

[بڕوانە: أضواء البيان ٧/١٦٢].

شێخ شەنقیطی (ڕەحمەتی اللّٰه تعالی ـی لێبێت) دەق دەهێنێتەوە کە "هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە"، بەڵکو من دەڵێم: هاوبەشدانان (شیرک) بۆ خوا لە حوکمەکەیدا دوو جۆرە:

أ. شیرک لە حاکمیەتدا کە لە ڕەگەزی شیرکە لە پەروەردگارێتیدا

(الربوبية): ئەمەش شیرکی یاسادانانی ڕەهایە، هەرکەسێک لەگەڵ خودادا یاسا دابنێت (تەشریع بکات)، ئەوا خۆی کردووە بە پەروەردگار لەلای خۆیەوە (پەنا بە اللّٰه تعالی). جا ئەگەر بە کردەیی یاسا دابنێت؛ ئەوا هاوشێوەی ئەو پیاوە ئایینی و ڕەبەنانەیە کە خۆیان کردە پەروەردگار بە حەڵاڵکردن و حەرامکردنیان (بۆ خەڵکی). وەک خوای گەورە دەفەرموێت: {اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ} واتە: {زانایان و پیاوانی ئایینی خۆیان کردە پەروەردگار لە جیاتی خودا}. بەهۆی حەڵاڵکردن و حەرامکردنەوە خۆیان خستە ڕیزی پەروەردگار (پەنا بە اللّٰه تعالی)، وەک لە فەرموودەکەی (عەدی کوڕی حاتەم)ـدا هاتووە.
ئەمە ئەگەر بە کردەیی یاسای دانابێت،
بەڵام تەنانەت ئەگەر تەنها بانگەشەی مافی یاسادانانی بۆ خۆی کردبێت؛ ئەوا هێشتا خۆی کردووە بە پەروەردگار لەگەڵ خودادا(پەنا بە اللّٰه تعالی) وێنەی ئەمەش وەک وتەکەی نەمرودە؛ وەک لە کتێبی اللّٰه تعالی هاتووە: {قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ} واتە: {وتی من دەژیێنم و دەمرێنم}.
ئەمە تەنها بانگەشەیەک بوو، ئەگینا ژیاندنەوە و مراندن لە دەسەڵاتی ئەودا مەحاڵە.

کەواتە ئەوەی بانگەشەی مافی یاسادانان دەکات: بانگەشەی کردەوەیەکی لە کردەوەکانی پەروەردگاری بۆ خۆی کردووە.

ئەوەی بانگەشەی ژیاندن و مراندن دەکات: بانگەشەی کردەوەیەکی لە کردەوەکانی پەروەردگاری بۆ خۆی کردووە.

تەوحیدی پەروەردگارێتیش (الربوبية): بریتییە لە بەتاکدانانی خودا لە کردەوەکانیدا، کەواتە هەردووکیان هاوبەشیان بۆ خودا داناوە لە پەروەردگارێتیدا.

ب. شیرکی حاکمیەت (دەسەڵاتدارێتی) لە ڕەگەزی شیرکە لە پەرستندا

بریتییە لە شیرکی حوکمکردن بە غەیری ئەوەی الله تعالى دایبەزاندووە (شەریعەت) و دادوەری بردن بۆ یاساکان. کەواتە حوکمکردن بە غەیری ئەوەی الله تعالى دایبەزاندووە شیرکە لە پەرستندا (عوبودیەت)، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ﴾ [یوسف: ٤٠] واتە: (بڕیار و فەرمانڕەوایەتی تەنها هی خوایە، فەرمانی کردووە کە جگە لە ئەو هیچی تر نەپەرستن). جا ئەگەر حوکمکردن بە شەریعەت عیبادەت بێت، ئەوا حوکمکردن بە غەیری ئەو، شیرکە لە پەرستندا. وە حوکم بردن بۆ یاسا دەستکردەکان شیرکە لە پەرستندا؛ چونکە خوای گەورە حوکم بردن بۆ شەریعەتەکەی کردووە بە مەرجی ئیمان لە فەرمایشتەکەیدا: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ [النساء: ٦٥] واتە: (نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن هەتا لەو کێشانەی دەکەوێتە نێوانیانەوە تۆ نەکەن بە دادوەر).

جا ئەگەر دادوەری بردن بۆ شەریعەت عیبادەت بێت، ئەوا هەر کەسێک حوکم ببات بۆ جگە لە شەریعەت لە یاساکان: ئەوا هاوبەشی بۆ الله تعالی داناوە (شیرکی کردووە) لە پەرستندا. لەمەوە بەوە دەگەین کە هاوبەشدانان بۆ الله تعالی لە حوکمەکەیدا، و هاوبەشدانان بۆی لە پەرستنەکەیدا: هەموویان یەک مانایان هەیە، لە کاتی حوکمکردن بە یاساکان یان حوکم بردن بۆیان، وە قسەکەی شێخ (شەنقیطی) لەسەر ئەمە جێبەجێ دەبێت. وە هاوبەشدانان بۆ الله تعالی لە حوکمەکەیدا مەترسیدارتر و گەورەترە لە هاوبەشدانان بۆ الله تعالی لە پەرستنەکەیدا، لە حاڵەتی یاسادانان لەگەڵ الله تعالی؛ چونکە ئەوە شیرکە لە پەروەردگارێتیدا (ڕوبوبیەت)، کە مەترسیدارترە لە شیرک لە پەرستندا (ئولوهییەت). ئیتر چۆن (حازمی) جیاوازی دەکات لەنێوان لێکچووەکان؟ وە چۆن عوزر دەدات (بە بیانووی نەزانین یان تەئویل) بە کەسێک کە خۆی عوزر دەدات بەو کەسەی حوکم بە یاسا دەکات یان حوکمی بۆ دەبات بە یاساوی "تەئویل"، بەڵام عوزر نادات بەو کەسەی کە عوزر دەدات بە گۆڕپەرست بە "تەئویل"!! وە چۆن حازمی عوزر دەدات بەو کەسەی کە عوزر دەدات بە یاسادانەر لەگەڵ الله تعالی بە "تەئویل"، بەڵام عوزر نادات بەو کەسەی عوزر دەدات بە گۆڕپەرست بە "تەئویل"، لەگەڵ ئەوەی یەکەمیان مەترسیدارتر و گەورەترە!!

ئەگەر بە کافر دانانی موشریک لە بنەڕەتی ئایین (أصل الدين) بێت، چۆن نەزانی و لێکدانەوە (تأويل) تێیدا وەردەگیرێت لەبارەی ئەو کەسەی عوزر بۆ پەرستنی یاسا دانراوەکان دەهێنێتەوە!

ڕووی دووەم: حازمی (ئەحمەد بن عومەر ئەلحازمی) وای دادەنێت کە بە کافر دانانی عوزرهێنەرەوە (العاذر) لە بنەڕەتی ئایینە، بەڵام بە کافر دانانی عوزرهێنەرەوە بۆ عوزرهێنەرەوەکە ناکاتە بنەڕەتی ئایین. ئەمە وای لێدەکات یان پابەندی مەزهەبەکەی بێت و زنجیرەیەک لە تەکفیر دروست بکات (السلسلة في التكفير)؛ چونکە بە کافر دانانی موشریکان لە بنەڕەتی ئایینە لە ڕوانگەی خۆی، کەواتە: گۆڕپەرست موشریکە، ئەوەی عوزری بۆ دەهێنێتەوە موشریکە، و ئەوەی عوزریش بۆ عوزرهێنەرەوەکە دەهێنێتەوە هەر موشریکە. چونکە تەوحید و شیرک دوو دژبەری یەکن، نە بەیەکەوە کۆدەبنەوە و نە پێکەوەش لادەچن؛ ئەگەر کەسێک موەحید نەبێت، کەواتە موشریکە. بەم شێوەیە، ناچار دەبێت یان بکەوێتە ناو زنجیرەی بێ کۆتایی تەکفیر یان تووشی دژبەیەک بوون (تناقض) بێت. لێرەدا پێی دەڵێین: ئەی زانا! چۆن جیاوازیت کرد لە نێوان لادەرێک و لادەرێکی تردا؟!

دووەم: ئەگەر بڵێن: بە کافر دانانی موشریک لە بابەتە دیار و ئاشکراکانە (المسائل الظاهرة).

بەو پێیە بێت، پێوەری تەکفیر لای ئەوان ئەوەیە کە: عوزرهێنەرەوە بۆ موشریک، بابەتێکی زانراوی ئایینی بە پێویستی (المعلوم من الدين بالضرورة) ئینکار کردووە، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە حازمی لە وانەکانیدا زۆر جەختی لێ دەکاتەوە.

دەڵێین: بە کافر دانانی موشریکان لەوانەیە بەڕاستی لە بابەتە دیارەکان بێت، و عوزرهێنەرەوەکەش ئینکاری بابەتە زانراوە پێویستییەکانی ئایین بکات؛ وەک ئەو کەسەی کە جولەکە و گاورەکان بە کافر دانانێت، یان ئەو کەسەی پەیڕەوی ئایینێکی تر جگە لە ئیسلام دەکات، یان ئەوەی قورئان بە دەقی ڕاشکاو بڕیاری کوفری داوە. بەڵام لەوانەیە ئەم بابەتە شاراوە بێت (خفية) لەو کەسەی کە خۆی بە ئیسلامەوە دەبەستێتەوە، بەڵام کەوتووەتە ناو یەکێک لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (ناقض من نواقضه).

ئیمامی ئیبن تەیمییە (رحمە اللّٰە تعالی) لە ڕوونکردنەوەی بابەتە دیارەکاندا دەفەرمووێت: (بەڵام ئەوە لەناو تاقمێک لەواندا ڕوودەدات لەو بابەتە دیارانەی کە عامە و خاصەی موسڵمانان دەزانن لە ئایینی موسڵمانانە، بەڵکو جولەکە وە گاورەکان دەزانن کە محمد -صلی اللّٰە تعالی علیە وسلم- بە چی نێردراوە و تەکفیری ئەوانەی کردووە کە دژایەتییان کردووە. کۆتایی وتەی (مجموع الفتاوی) ٤/٥٤.

وە هەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو شێوەکانی شیرک لای زاناکان و خەڵکی ئاسایی ناسراون؛ ئەوا ئەو کەسە درۆزنە، درۆزنە، درۆزنە؛ چونکە بابەتەکە لەسەر زۆرێک لە زاناکانیش تێکەڵ بووە چ جای خەڵکی ئاسایی! چونکە حازمی پێی وایە داواکردنی شەفاعەت لە کەسێک کە هیوای شەهیدبوونی لێ دەکرێت لە کاتی ژیانیدا، ئەوا لە شیرکی گەورەیە. لەو بارەیەوە زنجیرە وانەیەکی هەیە بە ناوی: (وتەی ڕاست و دروست لە ڕوونکردنەوەی حوکمی داواکردنی شەفاعەت لە شەهید)، کە تێیدا گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمە لە شیرکی گەورەیە.

ئایا ئەم شێوەیەی شیرک لای زاناکان و خەڵکی ئاسایی ناسراوە؟ ئەگەر بڵێت: (بەڵێ)؛ ئەوا تێکەڵاوکردن و سەرلێشێواوییەکەی بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت. بەڵام ئەگەر بڵێت: (نەخێر)؛ ئەوا پێویستە لەسەری دان بەوەدا بنێت کە جۆرەکانی شیرک جیاوازن، هەندێکیان دیارن و هەندێکیان شاراوەن، و هەموویان لە مەسەلە ئاشکراکان نین. ئەگەر دان بەوەدا بنێت: ئەوا پێویستە لەسەری چیتر بە ڕەهایی تەکفیری ئەو کەسە نەکات کە عوزر بۆ خەڵک دادەنێت (العاذر). خۆ ئەگەر دان بەوەدا نەنێت: ئەوا پێویست دەبێت لەسەری تەکفیری هەر کەسێک بکات کە تەکفیری ئەو کەسە ناکات کە داوای شەفاعەت لە شەهید دەکات! ئەو کاتە هیچ موسڵمانێک لەسەر ڕووی زەوی نامێنێتەوە جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەم نەبێت. چونکە ئەگەر دەربارەی ئەو کەسەی داوای شەفاعەت دەکات جیاوازی هەبێت لەسەر کارەکەی؛ کە ئایا شیرکی گەورەیە، یان بچووک، یان بیدعەیە، یان موباحە، ئەی چۆن تەکفیری ئەو کەسە دەکرێت کە تەکفیری نەکردووە!

سێیەم: ئەگەر بڵێن: تەکفیرکردنی موشریک هەندێک لە بابەتەکانی لە پرسە شاراوەکانە (مسائل الخفية).

دەڵێین: کەواتە حوکمی تەکفیرکردنی "عازر" (ئەو کەسەی کە عوزری بۆ موشریک دەهێنێتەوە و بە کافری دانانێت) بە شێوەیەکی ڕەها و گشتگیر نییە، بەڵکو ئەو کەسەی کە عوزری بۆ موشریکێکی سەر بە ئیسلام هێناوەتەوە، تەکفیر ناکرێت هەتاوەکو ڕوونکردنەوەی تەواوی (بەیان) بۆ دەکرێت. وەک چۆن شێخ سولەیمانی کوڕی عبداللّٰه ئەمەی چەسپاندووە دەربارەی ئەو کەسەی کە موشریکەکان تەکفیر ناکات؛ فەرموویەتی: ((ئەگەر لە کوفری ئەواندا بە گومان بوو، یان نەزان بوو بە کوفری ئەوان: ئەوا بەڵگەکان لە کتێبی اللّٰه تعالى و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ لەسەر کوفری ئەوان بۆی ڕووندەکرێتەوە؛ ئەگەر پاش ئەوە هەر بە گومان بوو یان دوودڵ بوو: ئەوا ئەو کەسە کافرە بە کۆدەنگی (ئیجماع)ی زانایان لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک گومانی هەبێت لە کوفری کافرێک، ئەوا خۆی کافرە. کۆتایی وتە.)) بۆی ڕووندەکرێتەوە؛ چونکە ڕەنگە دەقێکی "موتەشابیهـ" (واتا ناڕوون یان فرە مانا)ی لێ تێکچووبێت و وایزانیبێت "موحکەم" (دەقێکی ڕوون و براوە و قەطعییە)ـە، بۆیە بەو هۆیەوە عوزری بۆ موشریکەکە هێناوەتەوە. کەواتە جیاوازی (خیلاف)ی ئێمە لەگەڵ ئەوەی عوزری بۆ موشریک هێناوەتەوە: بەهۆی هەندێک دەقی موتەشابیهەوەیە کە ئەو پێی وابووە موحکەمە، بۆیە کەوتووەتە ناو "تەئویل"ێکی (لێکدانەوەیەکی) گونجاو کە بەڵگەی شەرعیی لەگەڵدایە.

وەک فەرمووودەی خوای گەورە: {قَالُوا يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ} [الأعراف: ١٣٨] (واتا: وتیان: ئەی موسا، خوایەکمان بۆ بڕیار بدە هەروەک چۆن ئەوانە چەند خوایەکیان هەیە، وتی: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەزانن). هەروەها فەرموودەی "ذات أنواط" و غەیری ئەوانەش.

شیخ الإسلام (ئیمامی ئیبن تەیمیە) لە کاتی قسەکردنیدا لەسەر هۆکارەکانی جیاوازی (أسباب الخلاف) فەرموویەتی: "باوەڕی وایە کە ئەو دەلالەتە (واتای دەقەکە) شتێکی تر بەرپەرچی داوەتەوە کە نیشانەی ئەوەیە ئەو واتایە مەبەست نییە."

هەروەها شیخ الإسلام رحمە اللە تعالی فەرموویەتی (تەکفیرکردن یەکێکە لە بابەتەکانی هەڕەشە (الوعید)، چونکە ئەگەرچی ئەو وتەیە بە ناڕاست خستنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بێت (صلی اللە تعالی علیە وسلم) (پەنا بە اللە تعالی)، بەڵام لەوانەیە کەسەکە تازە موسڵمان بووبێت، یان لە بیابانێکی زۆر دووردا گەورە بووبێت؛ کەسێکی وەک ئەمە بەو نکۆڵیکردنەی تەکفیر ناکرێت، هەتاوەکو بەڵگەی (حوجبەی) بۆ ڕوون نەکرێتەوە. وە لەوانەیە پیاوەکە ئەو دەقانەی نەبیستبێت، یان بیستبێتی بەڵام لای جێگیر نەبووبێت، یان لای ئەو بەڵگەیەکی تری دژ بەوە هەبووبێت کە پێویست بکات لێکدانەوەی (تەئویل) بۆ بکات، ئەگەرچی لەو لێکدانەوەیەدا بە هەڵەشدا چووبێت. (کۆتایی وتە).

لەکۆتاییدا

پێویستە لەسەرت ئەی برای ئەهلی تەوحید، کە دان بە خۆتدا بگریت و پەلە نەکەیت لە دەرکردنی حوکمی کوفر بەسەر ئەهلی ئیسلامدا، مەگەر بە یەقین و بەڵگەی ڕوون بێت، نەک بە گومان و خەملاندن. هەروەها با عەقیدەکەت تەنها پەرچەکردارێک نەبێت بەرامبەر (مورجیئە و جەهمییە) و پاشان بکەویتە ناو توندڕەوی (غلوو)ـوە. داوا لە الله تعالی دەکەم کە شێخ حازمی هیدایەت بدات بۆ ڕێگەی ڕاست، و لە گوناهەکانمان و زیادەڕۆییەکانمان لە کارەکانماندا خۆشبێت، بەڕاستی ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە.

نووسەر الشيخ المجاهد:
ابو عبدالرحمن عبيدة الأثبجي
تقبله الله تعالى

تێبینییەک لە لایەن ئێمەی برایانی پێگەی صراط

شێخ ابو عبدالرحمن الأثبجي تقبله الله تعالى كە فەرموویەتی(شێخ حازمی) ئەوە مانای ئەوە نیە کە بڕۆن فەتوا لە حازمی وەرگرن یان شێخ ابو عبدالرحمن مەنهەجی حازمی بەڕاست دانابێت، بەڵکوو تەنها لەبەر ڕێز ئەو شێخ ـەی بەکار هێناوە ، و الله تعالى زاناترە.

الحمد لله رب العالمين

